# شیعری سوێدی

## 1- توماس ترانسترۆمەر



توماس ترانسترۆمەر

Tomas Tranströmer

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە

ڕزگار شێخانی

### شەوێکی زستان

ڕەشەبا دەمی بە خانووەکانەوە دەنێ و
فووی لێدەکا تا دەنگیی بێ.
من نیگەران نووستووم، خۆم وەردەگێڕم و
بە چاونوقاوی نووسینی ڕەشەبا دەخوێنمەوە.

بەڵام چاوەکانی منداڵەکە لە تاریکیدا گەورەن و
ڕەشەبا بۆی گڤەگڤ دەکا.
هەردووکیان حەزیان لە چرایە بخولێتەوە.
هەردووکیان لە نیوەڕێی زماندان.

ڕەشەبا دەست و باڵی منداڵانەی هەیە.
کاروانەکە بەرەو " لاپلاند " غاردەدا.
خانووەکانیش حەوتەوانەی بە بزماریان دەناسن
کە دیوارەکانی ڕاگرتووە.

شەو بەسەر زەوی ناوماڵمانەوە ئارامە
(لەوێ ترپەی هەموو هەنگاوەکان
وەکو گەڵای کەوتووی ناو گۆم پشوودەدەن)
بەڵام لە دەرەوە شەو بزێوە!

ڕەشەبایەکی توندتر بە دنیادا هەڵدەکا.
دەمی بە ڕۆحمانەوە دەنێ
فووی لێدەکا تا دەنگی بێ
دەترسین ڕەشەبا بەتاڵمان بکا.

## ناو

ئوتومبیل لێدەخورێ و بەرێوە خەو دامدەگرێ و لادەدەمە بن درەختەکانی سەر ڕێگاکە. لە دواوە خۆم گرمۆڵە دەکەم و لێی دەنووم. چەند؟ چەندان سەعات. تاریک داهات.

لە ناکاو بێدارم و خۆم ناناسمەوە. تەواو بێدارم بەڵام بێسودەیە. لە کوێم؟ من کێم؟ من شتێکم و لە دواوەی ئوتومبیلێک بێدار دەبمەوە، وەک پشیلەیەکی ناو گونییەیەک بە دەوروبەری خۆمدا دەردەپەڕم. کێ؟

تا ژیانم گەڕایەوە. ناوم وەکو فریشتەیەک دێت. لە دەرەوەی شوورەکاندا توتەی بۆقییەک دێت، وەک لە ( لیۆنورە ئۆڤێرتیر) دا و هەنگاوە فریاکەرەکان بە خێرایی بەسەر پلیکانە زۆر درێژەکەدا دێنە خوارەوە. ئەوە منم! ئەوە منم!

بەڵام مەحاڵە خەباتی ئەو پازدە چرکەیەی دۆزەخی لەبیرچوونەوە، لە چەند مەترێک لەملاوەی ڕێگا گەورەکە، کە ئوتومبیل بە چرا داگیرساوییەوە، بەسەریدا ڕەتدەبوون، لەیادبکەم.

## درەخت و ئاسمان

درەختێک لەبەر بارانەکەدا دەڕوا،
لەو ڕەهێڵە خۆڵەمێشییەدا بە پەلە بە لاماندا ڕادەبووری.
کارێکی هەیە. وەکو باڵندەیەکی* ناو ڕەزێک
لە بارانەکەوە ژیان دێنێ.

کە بارانەکە دەبڕێتەوە، درەختەکە دەوەستێ.
لە شەوانی ساماڵدا بێ جووڵەو قیت، وەک تارمایی دەبیندرێ
وەکو ئێمە چاوەڕێی ئەو ساتەیە
کە کڵۆی بەفر لە بۆشاییەکانەوە دەبارێ.

*شاعیر koltrast ی نووسیوە، کە باڵندەیەکی ڕەشە و زۆر لە ریشۆڵە دەچێ.

### خەزەڵ

دەرگای یەکەم دەکەمەوە.
ژوورێکی گەورەی بەخۆر ڕووناکە.
لۆرییەک بەسەر شەقامدا ڕەتدەبێ و
قاپوقاچاغ دەلەرێنێ.

ژووری ژمارە دوو دەکەمەوە.
هاورییان! تاریکیتان خواردەوە و
بەدیار کەوتن.

ژووری ژمارە سێ. ژوورێکی تەنگەبەری هوتێلە.

رووی لە شەقامی پشتەوەیە.
چرایەک کە لەسەر قیرتاوەکەدا دەبریقێتەوە.
بەرهەمی جوانی ئەزموونەکانە.

## نهێنی بەرێگاوە

تیشکی خۆر دای لە رووخساری نووستوویێک.
خەونێکی خۆشتری بینی
بەڵام رانەبوو.

تاریکی دای لە رووخساری یەکێک
کە لە ناو خەڵک
لەبەر تیشکی بە تین و بزێوی هەتاودا دەڕۆیشت.

لە ناکاو، وەک رێژنە دادەکا، تاریک داهات.
من لە ژوورێک وەستابووم، کە هەموو ساتێک
جێی پێشانگەی پەپوولانی لێدەبۆوە.

کەچی خۆر هەر وەکوجاران بەتین بوو.
فلچە بزێوەکانی دنیای دەنەخشاند.

## لیسابۆن

لە گەڕەکی " ئەلفامە"دا، شەمەندەفەرە زەردەکان
بەسەر هەورازەکانەوە گۆرانییان دەچڕی
لەوێ دوو گرتوخانە هەبوون، یەکێکییان بۆ دزان بوو
لە کەلێنی شیشی پەنجەرەکانەوە دەستییان هەڵدەبڕی،
هاوارییان دەکردو دەیانویست وێنەیان بگیرێت

بلیتفرۆشەکە بە دوودڵی و بە تەوسەوە خەنییەوە و وتی " بەڵام لێرە"
" لێرە سیاسییەکان بەندن ". من رووی گرتوخانەکەم بینی
روویم بینی، رووی، لە سەرەوەش پیاوێکم لەبەر پەنجەرە بینی
دووربینێکی بەچاوەوە نابوو و تەماشای دەریای دەکرد.

جلوبەرگی شوشتراو هەڵواسرابوو، شوورەکان داغ ببوون
مێشوولەکان نامەی میکرۆسکۆپییان دەخوێندەوە
دوای شەش ساڵان لە خانمێکی لیسابۆنیم پرسی:
" ئەمە راستە، یان من خەونم بینیوە؟"